


**ماردین ئیبراهیم**

*پێشکەشە بە هاوڕێم: گڵێنە تۆفیق*

مردن لە پەنجەرەکانەوە دێت
مۆڵەتمان نادا لە باڵکۆنەکانی ئێوارەوە
سەیری پەشیمانی سەناریاکان بکەین
مۆڵەتمان نادا لەسەر پردە سیراتییەکانی ئەویندا
وێنەیەک بۆ ئەلبومەکانی دۆزەخ بگرین

* * *

کە مردن وەک پلوکە بەردەکانی یەئس
پەنجەرەکانی ئومێد بشکێنێت و بێتە ژوورەوە
کێ گوێ لە سکاڵای یاسەمینەکان دەگرێت
کێ دەتوانێت دڵۆپە شەونمێک پەشیمان کاتەوە
کە نەبێت بە هەڵم
چڵە نێرگزێک ژێر کاتەوە
کەلە گۆڕستانەکانی بەهاردا
بەسەر تەمەنی کورتی خۆیدا دەگری!
دڵی دایکە پیرەکانمان بداتەوە
کە لەبەردەم ئاوێنەکان، بەرامبەر لۆچەکانی ڕوومەتیان
بەسەر ناکامیەکانی عومردا دەگرین!
کە کەس گوێ لە سکاڵای یاسەمینەکان ناگرێت،
بۆ بیر لە چیمەنەکانی حەشر بکەینەوە
بۆ لەناو هەنارەکاندا چاوەڕوانی قیامەت بین؟
چاوەڕوانی کەشتیەکانی قەدەر
ئێمەی دۆزەخنشین تەرمۆمەترمان بۆ چییە!؟
با دەستورەکانی کالیپتۆز پێشێل نەکەین
وەک ئەو عابیدە بەستەزمانانەی سەعاتەکانیان
هەمیشە فریویان ئەدەن،

کەڵەشێرەکان بەرێبەیان خەبەریان دەکەنەوە
(ئەو کاتانەی کە نوێژ نامێنێت)

وەک بێ مەئواکانی ژیان
کاتێک بە دارشەقەکانیانە وە
بە کۆڵانەکانی مردندا تێدەپەڕن و
کەس وەڵامی سڵاوەکانیان ناداتەوە!

* * *
سەر لە موعجیزەکانی ژیان دەرناکەین
ئیتر حیکمەتەکانی مردنی چی؟!
سەیرکە ئەو هەموو مەکرەی ڕێواس
بەسەر بەفردا
لووتبەرزییەکانی تاووس
کاتێک بەلای قاژووەکاندا رادەبورێت
نازی قورسی دار گوێز بەسەر باخەوانە خەوتوەکاندا
گریانی پیاوە پیرەکان بەسەر ئەلبومەکاندا
نا ئومێدی کوکوختیەکان (کە لە خەفەتی دۆستە بێوەفاکانیان واز لە پیاسەی ناو سنەوبەرەکان دێنن)
سەیرکە
ئەو هەموو زوڵمەی لە تەوافەکاندا
چراکان لە پەروانەکانی دەکەن
(چراکانیش فێڵێکن لە ژیان دەکرێن)
ئەو هەموو زوڵمەی پاییز لە درەختەکانی دەکات
وەرزەکان لە پەڕەسێڵکەکان و
گەردەلوول لە فانۆسەکانی دەکات
* * *

پیری لە کڵاوڕۆژنەکانەوە دێت
بە پیری مژینی لیمۆکانی نەدامەت بێ کەڵکە
بە پیری فێری ووتنەوەی وێردەکان
خوێندنی تە راتیلەکان نابین
تازە بە پیری فێری نوێژەکانی وەفا نابین
فێر نابین فوو بە شمشاڵەکانی

دۆستایەتیدا بکەین
پەنجە لەسەر پیانۆکانی ئەوین بیزێوین
چاومان (باڵی)کانی وەسڵ نابینێت
بۆنی بغوردەکانی بەرائەت ناکەین
ڕوو لە ئیلحادەکانی ڕیا دەکەین
فێری کەڕناکانی درۆ
کلارنێتەکانی مردن دەبین
لە کەنار جۆگاکانی سەفەردا
وێنەیەک بۆ ئەلبومەکانی دۆزەخ ناگرین
لای فاڵچیەکانی زستان
قاوەیەک بۆ بەختی پاتۆنیاکان ناگرینەوە
* * *

مردن لە پەنجەرەکانەوە هات
تۆش لە دەرگاوە سەفەرت کرد !
سەفەری تۆ
سەفەری لەقلەقەکان نەبوو ( کە جانتاکانیان پڕبوو لە نیگەرانی)
لە (ناسیرە) دەستی پێ نەکردو لە
(ئۆرشەلیم) کۆتایی نەهات
لە (خاک و خۆڵ) دەستی پێنەکردو
لە (شام) کۆتایی نەهات

سەفەری تۆ:
شکانی عەساکانی ئومێد بوو لە دەستی (مووسا)دا
دۆشدامانەکانی یەعقوب بەرامبەر کراسە خوێناویەکان
پیاسەکانی عاشقێکی نائومێد
لەژێر سێبەری کالیپتۆزە تەنیاکاندا
گریانەکانی کلۆرۆفیل
لە دەروازەکانی پایزدا

سەفەر تۆ:
مردنی ماسیەک بوو
لە ناو ئەو بەردانەدا کە دەریا جێی هێشتبوون
گریانی ژنە کلۆڵەکان

بەسەر جەنازەی کوڕەکانیاندا (کە کوڕە ڕاستەقینەکانی خۆیان نەبوون)
....
کە ملوانکەی ئاسوودەیی
لە ملی گەورە کچە چاو بادامی‌یەکەی زەمەندا دەپسێت
نوح گلەیی لە بەختی خۆی دەکات
(بەو تەمەنە کورتەوە فریای دۆزینەوەی زەنگیانە پەرتبووەکان ناکەوێت)
بۆ زەنگیانەکانی بەختیاری مەگەڕێ
ژیان هێشووە ترێیەکە
لەبەردەم زەردەواڵەکانی عەدەمدا
بەختیاری
خەوتنی مارێکە لە ناو قەرسیلەکانی سپێدەدا
پەشیمانی زاهیدێکە لەشەو نوێژەکانی
عاسی بوونی کلیلەکانی عەشقی منە
لە کێلۆنەکانی دوودڵی تۆدا
گوناهەکانی گوڵە گەنمە لە کێڵگەکانی بەهەشتدا
بەختیاری گرەوێکە شەهێن و بازەکان دەیکەن
لەسەر یەخسیرکردنی کەروێشکەکان
کۆلارەیەکی پساوە
لە نێوان ڕەشەباکانی بەخت و
دارتێلەکانی چارەنووسدا

بۆ زەنگیانەکانی بەختیاری مەگەڕێ
ئێرە ئەو دەریایەیە
یان دەبێ بخنکێین ،
یان دەبێ فێری باسکەمەلەکانی خیانەت بین
ئەمە ئەو زیکرەیە
یان دەبێ بلیتەکانی جەهەننەم ببڕین
یان دەبێ کەشکۆڵەکانمان پڕکەین لە فێڵ و
فێری وەجدەکانی ڕیا بین
بەڵام ئێمە وای چ درەنگ تێگەیشتین!!
نیسبیەتی جوانی درۆیەک بوو
ئەو فەیلەسوفانە فێریان کردین
کە شۆخەکان لە شەقامەکان ڕوویان لێ وەردەگێڕان
درەنگ تێگەیشتین

ئیبلیس ڕادیکاڵترین فریشتە بوو
ئێمە:
بێگوناهترین کوڕەکانی ئادەم
ڕیزمان لە سەرپێچییە پیرۆزەکانی نەگرت
ی ئەوانە
تقوسەکانیان بیر بردینەوە
ئەوانە بوون کە دڵیان بە بیرەوەری
باپیرە داناکانمان نەدەسووتا
وەرە با لەم گوڕستانەدا هەزاران بخورد پێبکەین
بە لەشی نیوە ڕووتەوە لەدەوری ئاگرێکی گەورە سەما بکەین
سەمای تقوسێکی قەرەجی
دڵنیابە ئێمە بێ تقوس هەڵناکەین
(ژیان بە تقوسەکانەوە جوانە)
بەڵام ئێمە وای چ درەنگ تێگەیشتین!
چ درەنگ!
ئەو گەدایانەی لە حەوشەی مزگەوتەکاندا
بۆ تاجی پادشاهی دەگریان
ئەو پیرانەی بۆ وون بوونی کلیلی گەنجینەکانی جوانی دەگریان
ئەو ئینجانانەی بە تۆمەتی زەندەقە
لەبەر پەنجەرەی زاهیدەکان دەرکران
ئەو گریانانەی بۆ پرسەکانی تر هەڵمان گرتن
پاکترین دۆستەکانی ئێمە بوون
پێشبینیەکانی ژ نە قاوەگرەوەکە درۆ دەرچوو
نامەیەکمان لە کچە بێوەفاکانەوە پێ نەگەیشت
چاو فڕینەکانمان کودەتایەکی تر بوو لە هۆش کرا
قاسید هەواڵی ئازیزێکی بۆ نەهێناین
خوێندنەوەی بورجەکانمان دادی نەداین
زەنگی تەلەفونێک ئێمەی هۆشیار نەکردەوە
بەڵام ئێمە وای چ درەنگ تێگەیشتین!؟!
کاتێک تێگەیشتین
مردن لە پەنجەرەکانەوە هاتە ژوورەوە
ئێمەش فریای لەپێ کردنی پیڵاوەکانمان
داخستنی قۆپچەی کراسەکانمان نەکەوتین
فریای میقاتکردنی کاتژمێرەکانمان نەکەوتین

(کە سەدەیەک دواکەوتبوون)
فریای خواردنەوەی دڵۆپێک نوور نەکەوتین
تا دەیجورەکانی دڵمانی پێ ڕووناک کەینەوە
وەک ئەو سوارانەی سەدجار دەگلێن و
نابن بە سوار
دەمرن و فریای ماڵئاوایی لە ئەسپەکانیان ناکەون
ئۆف... مردن هەمیشە لە پەنجەرەکانەوە دێت!

1997